# لێرەوە سەر بۆ گەورەیی راپەرین دادەنوێنم

**سمکۆ عەبدولکەریم**

ئەگەر راپەرین تا ساتە وەختی ئێستاش نەیتوانی بێ لە ئاست ئەو هەموو داخوازی و داواکاریانەی کۆمەلآنی خەلك بێت  کە بە شێوەیەکی سروشتی لە هەموو شوێنێکی دونیا شۆڕش و راپەرینی لە پێناودا سەر هەڵدەدات ، ئەوە دەتوانین هەرهیچ نەبێ بایەخی راپەرینی بەهاری 1991 کوردستان لەوەدا بەرجەستە بکەین کە پڕ مەترسیترین نەخشەی دوژمنانی پووچەلکردەوە ، ئەو نەخشەیەی لە کاولکردنی گوندەکان و ئەنفال و کیمابارانکردن دەستی پێکردو خواش دەزانێ بە چی کۆتایی دەهات ، راپەرین ئەگەر تا ئێستاش لە بەردەم کۆمەلێك پرسیاردا بێ ، بەلآم وەلآمێکی باشی ئەوەی داوە کاتێك سەدام لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا گووتی:(ئێمە کە خوێناوی بین واتا راستەوخۆ دەست دەکەین بە سەربڕینی هەر کەسێك خیانەت لەم ولآتە بکات ، یان لەم بیرو باوەڕە گشتیانەی کە مافی گەلە خۆی پێ بحەسێنێتەوە ، یان لە دلسۆزی بۆ ئەم خاکە و ئاسمانەی و هەواو خەلکەکەی و ئاوو زەویەکەی دەرچێ یان یارمەتی بێگانە بدا بە بەرژەوەندی ولآت و کەس و کارەکەی ..بەلێ ..هەر شتێکمان بۆ بدۆزرێتەوە کە ئەم هەنگاوەی نابێ ، بێ بەزەیی یانە سەری دەپەرێنین و بە ئاشکرا ئەمەش کردەوەی باپیرانمان بووە لە سەرەتای ئیسلامدا وەك چۆن خالیدی کوڕی وەلید سەری 30 هەزاری لە کۆمەلگەی بچوکی دورگەی عەرەبی پەڕاند لە نێوان جەنگەکانی هەلگەڕاوەکان (الردە).)بۆیە من لێرەدا وێڕای هەموو کەم وکوڕیەکان  سەر بۆ گەورەیی راپەرین دادەنوێنم و تێدەگەم کە راپەرین چی بوو ،چونکە بەم پێیە سەدام ئامادە بوو سەری هەمووومان بپەڕێنێ بەو ناوەی دەیەوێ گەورەیی نیشتمان بپارێزێ با گەورەیی ئەو نیشتمانەش بە کەلە سەری ئێمە هەلچنرابێ ،